# عەلمانیکردنی ئیسلام لەودیوی شتەکانەوە

زمناکۆ عزیز zmnaco@yahoo.co.uk

لە ڕۆژنامەی ئاوێنەی ژمارە (26)ی ڕۆژی سێشەممە بەرواری 2006/7/4، مەریوان وریا قانیع، لە گۆشەی "ئەودیوی شتەکان" بابەتێکی سەبارەت بە (ترس لەعەلمانیەت) نوسیوە، کە زۆر جێگای تێڕامانو لێکدانەوە نیە، چونکە بەقەولی خۆی ئەیەوێ وەك "دەیانو سەدان لێکۆڵەرو نوسەرو زانای سیاسیو کۆمەڵایەتی ڕەخنەگر، کە کەسی هەرە زۆریان عەلمانینو بڕوایان بە سیستەمی سیاسی دینی نیە"، ڕەخنە بگرێت لە تیۆریە تەقلیدیەکانی عەلمانیەت سەبارەت بە دابڕانی دین لەسیاسەت، وەلەسەر ئیمکانی گونجاندنی عەلمانیەتو دین پێکەوە لەدەوڵەتدا داکۆکی ئەکات. بەڵام بەو پێیەی کە نوسەر مەرامێکی تایبەتی هەیەو بەنیازە شتێك بڵێت، ئەوا کافی بوو کە هەر "علمانیەکانی کوردستان"ی بەنمونە بهێنایەتەوە، کە چۆن لەپانزەساڵی حاکمیەتیاندا بەوپەڕی دڵسۆزیەوە ئیسلامیان لەملگرتوەو بەقانونو یاساو ڕێسا ئیسلامیەکان حوکمی خەڵك دەکەن، ئەوەندە کافی بوو کە بیسەلمێنێت علمانیەتی ئیسلامییش مومکنە. ئیتر پێویستی بە بەڵگەو لێکۆڵەرەوەکانو زانا سیاسیەکانی تری جیهان نەئەکرد بۆ پشتیوانی لەو تیورە تازەیەی کە بۆ علمانیەتو ئیسلام پێشنیاری ئەکات.

دیارە ئەم مەسەلەی علمانیەتو ئیسلامە جارێکیتر بەهۆی نوسینی "دەستوری هەرێمی کوردستان"ەوە دێتەوە ناو گۆڕەپانی نوسینو جەدەلی ڕۆشنبیران، وەمەسەلەی نەخشی ئیسلامو عەلمانیەت لەو دەستورەدا زیاتر لەلایەن ئیسلامیەکانیشەوە تا ئاستێکی زۆر وروژێنراوە نەك عەلمانیەکان، وەلە ڕۆژانی مانگی ڕابردودا شاهیدی لێدوانی چەندین کەسایەتی ئیسلامی سیاسی ناو حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان بوین، کە بەشێوازی جۆراوجۆر لەکەناڵەکانەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەدوانو، هۆشداری ئەوەیان ئەدا کە ئەبێت دین سەرچاوەی سەرەکی ئەو دەستورە بێتو، لەوەکەمتر کە لەدەستوری عێراقدا هاتوە سەبارەت بەئیسلام قایل نابن، هەرچی عەلمانیەکانیشن بەهۆی واقعی ئەمڕۆی کوردستانو ڕێچکەیەکی کۆمەڵایەتی کە لەپانزەساڵی ڕابردودا بڕیویەتی، سەبارەت بە دەورو کاریگەری دین و بەجۆرێك پەراوێزخستنی تائاستێکی باشی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، ئەیانەوێ "دەستوری هەرێمی کوردستان" عەلمانی بێتو تازەبونەوەی کۆمەڵایەتی دەستەبەربکاتو، دەوری دین تیایدا نەمێنێت یان کاڵبکرێتەوە تا ئەو ڕادەیەی کە لەئایندەدا بکرێتە کاری تایبەتی تاکەکان.

تیورە سەرەکیەکانی عەلمانیەت بەپێچەوانەی تێڕوانینەکەی کاك مەریوانەوە، بەدروست ئەو ئاماژەیە ئەکەن کە دەوڵەتو دین ئەبێت لەیەکتری جیابن، شتێك نیە ناوی ئاینی ڕەسمی دەوڵەت بێت، یاخود بڵێن دینی ڕەسمی وڵات بریتیە لەفلانە دین. ئەمەش ناکاتە سەرکوتکردنی دیندارو خودی دینەکان، بەڵکو بەپێچەوانەوە تەنها ئەو مافە لەدین وەرئەگیرێتەوە کە وەك حەقیقەتی سەلمێنراوی پێش وەخت ڕەفتار بکاتو، ڕێگانادات کە دین بەو پاساوەوە هەموکەس بکاتە ملکەچی خۆی. عەلمانیەت پایەکانی دەوڵەتێك دائەمەزرێنێت کە لەسەر بنچینەی دیالۆگو دابین کردنی پانتاییەکی فراوان بۆ مافی بیروڕای ئازاد بۆ تاکەکان، وەسەرەنجام ئازادییەکی تەواو بۆ سەرجەم حزبو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا لەپێناو بەشدارپێکردنیان لەپرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتدا.

جائەگەر بەم پرەنسیپە، بنەما سەرەکیو گشتیەکانی عەلمانیەت لەهەر جێگەیەك دابمەزرێنرێت، دەوری دین کاڵتر ئەبێتەوەو، مجامەلەکردنی بۆ قایل کردنو سەرەنجام ڕاکێشانی بۆ ناو کایەی سیاسی ئەبێتە مەسەلەیەکی لاوەکی. هەرچەندە کە ئەو مەسەلەیەش- جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت- لەو وڵاتانەی کە مێژووی سێ سەدە لە عەلمانیەتو ئەوانەیتریش کە کەمتر لەو مێژوەیان هەیە، بەبێ خوێن ڕشتنو بەکارهێنانی هێزو ململانێی توندی بزووتنەوە دینیەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم پرۆسەیە نەهاتۆتە ئاراوە.

عەلمانیەت مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دەستکۆتاکردنی دین لەدەسەڵات، دەرکێشانی دین لە بواری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو فەرهەنگی، وەدەرنانی لە بوارەکانی سیستمی ئیدارەو بەڕێوەبردنو سیستمی خوێندنو پەروەردە، سەرەنجام کردنی دین بەشتێکی شخصی ئینسانەکان. هەرکەس بۆخۆی ئازادە دینی ببێت یان نا، هەرکەس ئازادە ڕەخنە لەدین بگرێت یان داکۆکی لێبکات. پێناسەی دینی نەبێت بۆ ئینسانەکانی کۆمەڵگایەكو لەسەر ئەساسی هەویەتی دینی ئینسانەکانی کۆمەڵگا دابەشنەکرێن. بەڵام کە دەوڵەتی دینیت هەبوو (وەك لە سێسەدساڵ پێش ئێستا لە ئەوروپاو ئێستاش لەدەوڵەتە ئیسلامیەکاندا)، کەواتە دینی سەردەستو دینی بندەستیشت ئەبێت، واتە دینی پلەیەكو دینی پلەدوو، بەوپێیەش هەموو ئیماندارانی دینی ژێردەست ئینسانە پلەدووەکانی کۆمەڵگانو، لەڕووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو حقوقیشەوە هەر پلەدوو ئەبن. بۆیە ئەم تاکتیکی گونجاندانەی دین لەگەڵ عەلمانیەت هەرگیز بۆ ماوەی درێژخایەن سەرناگرێت.

بەڵام پرۆژەکەی کاك مەریوان بریتیە لەداهێنانێکی نوێ بۆ بەعەلمانیکردنی ئیسلام، یان بەمانایەکیتر تاکتیکێکی سیاسیە بۆ بارگاویکردنی ئیسلام بە عەلمانیەت، وەسەرەنجام خۆی ووتەنی دامەزراندنی دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستان کە سەرچاوەگرتووی ئیسلام بێت، وە ئیسلام دینی ڕەسمی دەوڵەت بێتو لەولاشەوە ئازادی بۆ بێدینیش دەستەبەربکات، کە مەعلوم نیە نمونەی ئەم تێکەڵیە لە ئیسلامو علمانیەت لەکوێی دنیادا هەیە؟ وە کام ئیسلامیەیە کە ڕێگە بە مافی ئیلحادو ئاتەئیستی تاکەکان ئەدات، کە بەدیالۆگی مەدەنیو مۆدێرن قسە لە خواو پێغەمبەرو دینو "حەقیقەتە پێشوەخت سەلمێنراوەکانیان" بکاتو ڕەتیان بکاتەوە؟

بەڵام ئەم مەسەلەیە زۆر لەوە خەتەرترە کە وەك لێکدانەوەو تصورو هەڵوێستی تایبەتی ڕۆشنبیرێك تەماشا بکرێتو لێکبدرێتەوە، چونکە پەیوەندی بە سیاسەتی ئەمریکاوە هەیە لەناوچەکە بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی، شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعێراق لەبەرامبەر ئیسلامو ئیسلامی سیاسی ئەم تێزە تازەیەی کردۆتە ستراتیژی تازەی پاش شکست بۆ ئیدارەی ئەمریکی، وە ئەمەی "بەقیمەتی زۆرشت" ئاخنیوەتە مێشكو دەرونی زۆرێك لە ڕۆشنبیرانو نوسەرانو قەڵەمبەدەستەکان، تەنانەت سیاسەتو ستراتیژو بەرنامەی زۆرێك لەحزبەکانیش بە ناسیونالیستو مەزهەبیو هەندێك لەچەپەکانیش لەماوەیەکی کەمدا ئەخاتە ژێر کاریگەری ئەم تێزە نوێیەوە.

چونکە ئەمریکا بەهۆی ئەو شکستانەو ئەو قەیرانە یەك لەدوای یەکانەی کە لەعێراق و ناوچەکە تۆماری ئەکات، بەجێگەیەکی گەیاندوە کە ئێستا لەدوڕیانێکدا قەراری گرتووە، کە ئەبێت لەنێوانیاندا ئیختیارێك بکات:

یان ئەبێت ئەوە ڕابگەیەنێت کە لەبەرامبەر تیرۆریزمی ئیسلامیدا شکستی خواردوەو ئالآی سپی بۆ هەڵبکات، کە ئەمە خەونی هەموو ئیسلامیەکەو دورترین ئیحتمالیشە، چونکە هێشتا ئەمریکا لەگەڵ بزوتنەوەیەك دەرگیرە کە ڕێکخراو نیەو پەرشو بڵاوە، هاوکات مونافسەکانیشی لەناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە ئەیانەوێ ئەم شکستەی بەسەردا بسەپێنن هێشتا نەیەکدەستن وەنەلەو ئاستە سەربازیو ئابوریەشدان لەئێستادا.

وەیان ئەبێت لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا مامەڵەیەکیتر بکات، ئەویش ئەوەیە کە بیانکاتە ئەڵقە لەگوێی خۆیو نوێنەری بەرژەوەندیەکانی خۆی لەبەرامبەر پێدانی سەهمێك لەدەسەڵات، کە ئەویش خۆی لەخۆیدا ئەکاتە بەهرەمەندبوونی ئیسلامیەکان لە ئیمکانیاتو پارەوپولێك کە لەناوچەکەدا هەیە هاوکات مەترسیداریش نیە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا. بەم شێوەیە ئەمریکا ئیسلامێکی سیاسی ئەوێت کە لە بازنەی سیاسەتەکانی لانەداتو ملکەچو قایل بەهەیمەنەی ئەمریکی بێت. بەڵام ئایا ئەم ڕۆشنبیرو نوسەرو بەناو عەلمانیانە چ بەرژەوەندیەکیان لەم مامەڵەو ساتو سەودایەی نێوان ئەم دووبەرە دژە ئینسانیەدا هەیە؟ بۆچی ئەبێت ئەوان دەوری ئاشتی سازو ڕێکخەری پەیوەندی نێوان ئەمریکاو ئیسلامیەکان ببینن؟ لەئەگەری بەسەمەر گەیشتنی ئەم هەوڵەدا بەشی ئەمانی ڕۆشنبیرو نوسەر چی ئەبێت جگە لەمەنفەعەتێکی شخصی؟ سەرباری ئەوەی کە ئەم تێکەڵکردنەی ئیسلامو عەلمانیەت لەیەکدا قابیلی وەدیهاتن نیە، بەڵام تاقیکردنەوەی وەها تاکتیکێك زەربەی کوشندە لە جێگەو ڕێگەی تازە وەدەست هاتووی عەلمانیەت ئەدات لەکوردستانو بۆ چەند ساڵ بەرەودواوە ئەیگێڕێتەوە.

تێبینی: ئەم وتارە بۆ ڕۆژنامەی ئاوێنە نوسرابوو لە وەڵام بە بۆچونەکانی کاك مەریوان قانع لەسەر علمانیەت، بەڵام ڕۆژنامەی ئاوێنە نەك هەر بڵاوی نەکردەوە، بەڵکو لەژمارە 27 ڕۆژی 2006/7/11 لەلاپەڕە دوودا، بابەتێکی تری مەریوان قانع بڵاوکراوەتەوە، کە وەڵام بەبۆچونەکانی ئەم ووتارە ئەداتەوە بەبێ ناوهێنانی وتارەکە.